پەیڤ

نووسینی: ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

## ئاشنا نەبوون بە نەریتی دەست لە کار کێشانەوە لە لوتکەدا
## یان نەکا حیزبەکان دەستنوێژیان لە میللەت بشکێ

لە هەموو ولاتە عەرەبیەکاندا و تەنانەت لە هەموو دەڤەری رۆژهەلاتی ناوەڕستدا بە کوردستانیشەوە سەرۆکێک نیە پێی بوترێ "سەرۆکی پێشوو" ، تەنها "سەرۆکی خوالێخۆشبوو" هەیە ، دەنا هەموو ئەو سەرۆکانەی ئێستا ئەیانبینین و ئەوانەی پێش ئەویش کورسی دەسەلات وەکوو سزای زیندانی هەمیشەیی بۆ خۆیان ئەبڕێننەوە ، یان هەروەک ئەوەی کورسیەکەیان بە قۆنتەرات گرتبێ هەتا ئەمرن ، ئەمە رەنگدانەوەی کورلتووریێکی سەقەتی دەرئەنجامی سیستمێکی تا سەرئێسقان دیکتاتۆری کە لە هزرەکاندا رەگی داکوتاوە ، کە ئەوەش وای کردووە بە شێوەیەیکی ناراستەوخۆ هەر هەموو ئەو کەلە پیاوانەی لەو دەڤەرەدا وانەکانی نیشتیمان پەروەری و خەباتی سیاسیان بەرجەستەکردووە و ئێمەش لێیانەوە فیربووین ، بەشێوەیەک لە شێوەکان پرۆژەیەکن بۆ دیکتاتۆرێک لە دواڕۆژدا .. زۆر جار کەباس لەو دیاردەیە ئەکرێت ، قسەیەکی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (مەزهەری خالقی)م دێتەوە یاد ، کاتێ سالی 2000 لە لەندەن بۆ چالاکیەک بانگهێشت کرابووم و دەرفەتم بۆ رەخسا بەو زاتە بەڕێزە بگەم ، ئەوەبوو لە دانیشتنێکدا بە ئامادەیی نووسەری کوردی بەڕێز "کەمال مەمەند میراودەلی" و هونەردمەندی شێوەکاری بەناوبانگ "ریێبوار سەعید" و هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەناوبانگ "عەدنان کەریم" لێم پرسی: کاک مەزهەر بۆ ئێستا کاری نوێتان نابینین و گۆرانی تازەت نیە.. ئەو زاتە بەڕێزە ئەو کاتە وتی: من ئێستا هەست ئەکەم گەشتوومەتە لوتکە بەو هەموو کارانەی کردوومن و مێژیەکی هونەری دەولەمەندیان بۆ دروستکردووم ، هەست ئەکەم لە لوتکەدام ، کاتێکیش هونەرمەند یان هەر کەسێک هەستی کرد گەیشتۆتە لوتکە باشتر وایە واز بێنێت وەک لەوەی بەدوای ئەوەدا کارێک بکات ئەو لوتکەیە بشکێنێت..

ئەو کاتە بە قوولی بیرم لەو قسەیە نەکردەوە وەکوو ئێستا ، ئەمڕۆ ئەوەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی ناو عیراق و ناوچەکە و بەتایبەت ناو کوردستان روو ئەدات ئەو بیردۆزە ئەسەلمێنێت ، زۆرجار وابیر ئەکەمەوە هەموو ئەو خەباتەی کرا تەنها بۆ کورسی بوو ، نەک بۆ میللەت ، چونکە هەتا ئێستا کەسی لە سیاسەتمەداری ئەو ناوچەیە نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەو بیردۆزە کە بریتیە لە (نەریتی دەست لە کار کێشانەوە لە لوتکەدا و ریگە چۆل کردن لەبەردەم کادیر و توانا تازەکاندا) ، دەنا دانانی هەندێ مەرجی (تەعجیزی) لەبەردەم رێکەوتنەکانی ئەم دواییەی ئەو دوو حیزبە و تەگەرەخستنە ناو هەولەکانی یەککەوتن و ئەو دووبەرەکیە بێ کۆتایەی لەسەر کورسی دەسەلات لە ئارادایە ، و مەترسیەکان لە تەقینەوەی بارودۆخەکان لە هەر کاتێکدا بێت بەهۆی هەبوونی دوو دەسەلاتی (لەخۆنەبردوو) بەهەموو

پێوانەکان ، دوو دەسەڵات هەرگیز ئامادەییان تیانیە تەنازول لە ویستی تاکەکەسی و تاکە حیزبی خۆیان بکەن بەخاتری بەرژەوەندی گەل ، ئەو میللەتەی بوّتە بنێشت و بەدانی سیاسیەکاندا نووساوە هێند شێلرا و جوورا ، ئەو میللەتەی لە ئاکامدا بڕی هەرەگەورەی سەرجەمی باجەکان ئەدات لە ئاکامی ململانێیەکی بێ تام و بێ مانا لەسەر کورسی..

لە دونیای پێشکەوتووی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەمڕۆدا هیچ پەرلەمانێک نیە بە داخراوی کۆبوونەوە دوور لە چاوی میللەت ساز بدات ، بەڵام کورد هەتا ئیستاش لەپشت پەردەوە شەڕ ئەکەن و لەبەردەم دونیادا دەست ئەکەنە ملی یەک ، لە کاتێکدا ئەگەر سیاسەتمەدارێکی ئەورووپی لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی تر ناکۆک بێت سەبارەت بە مەسەلەیەک ، راشکاوانە و بە ئاشکرا ئەیڵێی ، چونکە گەل متمانەی پێبەخشیوە و خۆی بە لێپرساو دەزانێت لەبەدەم متمانەی ئەو میللەتەدا ، بەڵام سیاسەتمەداری کورد تەنها و تەنها متمانەی بە کورسی دەسەڵات هەیە ، ئیتر هەمیشە چۆن کۆن لە هەندێ خیزان و ناوەندی عەشایەریدا ژن و پیاو بە جیا نانیان خواردووە و ژووری میوانداری ژن و پیاو جیاواز بووە ، سیاسیەکانی ئێمەش هەموو شتێکیان لەیەک جیاکردۆتەوە ، هەوەک ئەوەی دەستنوێژان لە میللەت بشکێ ، بەجیا لە میللەت و خواستی میللەت نان ئەخۆن و سیاسەت ئەکەن..

بەداخەوە ئەوەش بنەمایەکی کولتووری و سایکۆلۆژی و پەردوردەیی هەیە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوە هەیە ، ئەگەر لە بچووکترین دەسەڵاتەوە بیگرین لەناو دامودەزگای کۆمەڵگاوە کە خێزانە هەتا دەگاتە بەرزترین پلەکانی دەسەڵات ئەبینین کولتورێک یان نەریتێک نیە پێی بوترێت (دەست لە کار کێشانەوە بۆ بەرژەوەندی گەل) یان (دەست لەکار کێشانەوە لە لوتکەدا) بۆ ئەوەی هەر نەبێت یەکێ لە بنەماکانی دیموکراتیەت داکوترێت ، (لەخۆبوردوویی سیاسی) یەکێکە لە هەرە سیفەتە گرنگەکانی ئەبێت لەسەرکردە و سیاسەتمەداری سەردەم و شارستانیدا هەبێت ، کە بەداخەوە ئەیڵێم هەتا ئیستا لە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتدا بە کوردستانی ئازاد و بەناو دیموکراتیشەوە سەرکردەیەکی لەژیاندا ماومان نیە هێند لە خۆبووردوو بێت تا ئەو رادەیەی کە باس لە میللەتەکەی دەکات نەیبەستێتەوە بە قاچی ئەو کورسیەی وەک سەرکردە لەسەری دائەنیشێت..

کەواتە دیموکراتیەت وەک پرۆسە شتێکی ئێجگار جیاوازە لە دیموکراتیەت وەک دروشم ئەگەر وەکوو ئاو و دۆش لەبەرمان نەبێت ، ئەگەر نەتوانین لەسەر ئەرزی واقیع بەجەستەی بکەین ، چونکە لەناو هۆڵەکانی کۆبوونەوەکاندا باس لە دیموکراتیەت ئەکرێت وەک ئەوەی لە کتێبدا باسی کراوە ، بەڵام هەرگیز هزری سیاسی و کولتووری و فەرهەنگی کورد هەتا ئیستا لەدەست کورتبینی سیاسی ئەنالێنێت و وەک وتم تەنها و تنها میللەتە باجی ئەو کورتبینیەی سەرکردەکانمن ئەدات.